فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێرانی ئەحمەد میتاقی:

# ئەگەر هێرش بکرێتە سەر ئێران، ئەوا دەتوانین بە یارمەتی خوا وەڵامی بدەینەوە


بەشیر سەبری بۆتانی، ئیسرائیل
hunername@hotmail.com




ئێران لە مێژە بۆ نەهێشتنی ئیسرائیل بە هەموو جۆرێك هەوڵ دەدا کە بە زووترین کات چەکی ئەتۆمی بە دەست بهێنێ، هەروەها سووریا، حزب اللە و حەماسیش بۆ یارمەتیدانی ئێران بە بێ ئەوەی کە بزانن ئەنجامەکەی چی دەبێ و چۆن بە سەریاندا دەشکێتەوە، خۆیان تووش کردووە. لێرەدا دەردەکەوێ کە ئێران و سووریا وەك دەوڵەت بە هیچ جۆرێك رێزیان بۆ یاساکانی نێودەوڵەتی نییە. ئەوەتا زۆربەی دەوڵەتەکانی ئەم جیهانە دان بە سنوورەکانی ئیسرائیل دادەنێن بۆ مافی بەرگریکردن لە خۆدا هەیە هەر وەك هەموو وولاتێکی دی. کەچی هێشتا لە وولاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان بە دروشمی (اللە اکبر)-ەوە بۆ نەمانی ئیسرائیل خەون دەبینن و لە هەمان کاتدا فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێرانی ئەحمەد میتاقی پەنای بۆ خوا بردووە و لە گفتوگۆیەکیدا ڕاگەیاندووە "ئەگەر هێرش بکرێتە سەر ئێران، ئەوا دەتوانین بە یارمەتی خوا وەڵامی بدەینەوە"، هەروەها ئاشکراشی کردووە "ئێران بە یارمەتی خوا فڕۆکەیەکی جەنگی نوێی دروست کردووە". ئێدی لێرە دەردەکەوێ کە ئێران هەر وەك جاران بە ناوی خوا و بە یارمەتی خوا و بۆ خوا هەموو شتێك جێبەجێ دەبێ. کەچی ڕژێمی ئیسرائیل خۆی بێدەنگ کردووە و لەو ڕۆژانەدا نامیلکەیەکی بڵاو کردۆتەوە بۆ خەڵکەکەی کە لە کاتی شەڕدا خۆیان ڕێ و شوێنی تایبەتی وەربگرن و خۆیان بپارێزن.